لە ئەنجامی زنجیرە هێرشی فڕۆکەوانی ئیسرائیل بە سەر یەمەن ژمارەیەک هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون

حووسییەکان ڕایانگەیاند کە لە ئاکامی زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانیی سوپای ئیسرائیل بە سەر سەنعای پایتەخت وڵاتی یەمەن و پارێزگای حودەیدە لە ڕۆژئاوای یەمەن، ژمارەیەک کەسی مەدەنی کوژراون و بریندار بوون.

ئاژانسی هەواڵیی "سەبا"ـی سەربە حووسییەکان بڵاویکردەوە: "ئیسرائیلی دوژمن شەش هێرشی ئاسمانیی کردووەتەسەر وەستگەی کارەبای حەزیز لە باشووری سەنعای پایتەخت و وەستگەی زەهبان باکووری سەنعا".

هێروەها ئاماژەی بەوەشداوە: "ئیسرائیل دوژمن چوار هێرشی ئاسمانیی کردووەتە سەر بەندەری حودەیدە و دوو هێرشی ئاسمانیی دیکەی کردووەتە سەر دامەزراوەی نەوتی ڕۆئس عیسا".

ڕاشیگەیاندووە کە لە ئاکامی هێرشەکاندا، ژمارەیەک کەسی مەدەنی کوژراون و بریندار بوون.